# گڵاسی زیرەک بۆ قاوەیەکی گەرم




جاری وا هەیە گڵاسێك چا یا قاوە تێدەکەی، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بە شتێکەوە خەریك دەبی ئاگات لێنامێنێ و سارد دەبنەوە.

بۆ ئەوەی هەمیشە چا یا قاوەکەت گەرم بێ پێویستە گڵاسی هۆشمەند بەکار بێنی، گلاسی جۆری Ember New Mug 2 لەم گڵاسانەیە. کاتێك چا یا قاوە لەو گڵاسە دەکەی خەمی ئەوەت نەبێ کە سارد ببێتەوە، چونکە هەمیشە وەك خۆی رادەگرێ.

گڵاسەکە شەحن دەبێتەوە. بە ویستی خۆت دەتوانی پلەی گەرمی خواردنەوەکە رابگری. بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ هەر لە مۆبایلەکە دەتوانی پلەی گەرمییەکەی بۆ دیاری بکەی. گەر گەیشتە پلەی گونجاو خۆی دەکوژێتەوە و لەکاتی پێویستیشدا هەڵدەبێتەوە.

# ئینجانە هۆشمەندەکان سیستەمێکی نوێ





گوڵدان یا ئینجانە هەتا ئێستا شتێکی زۆر سادە بووە و لە گڵ یا پلاستیك و تەنەکە دروستکراوە.

لە دونیای تەکنەلۆژیای نوێدا، ئەوانیش گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. ئێستا ئینجانەکانی AeroGarden کە جۆرەکانیان گەلێکن، سیستەمێکی نوێن لە کاروباری گوڵ و سەوزایی ناوماڵەوە.

ئەم جۆرەگوڵدانە پێویستی بە خاك و خۆڵ نییە، تەنیا ئاو و هیچی دیکە. لەکاتی خۆیدا بەو رادەیەی پێویستە ئاوی گوڵ و سەوزییەکان دەدا، دەکرێت هەم لە ژوورەوە گوڵی تێدا بچێندرێ و هەم لە چێشتخانە، ئەو سەوزیانەی بۆ خواردن پێویستن تێیدا بچێندرێ.

گوڵدانەکە رووناکی بە پێی پێویست بڵاودەکاتەوە، بەهۆی هەستەوەری هۆشمەندەوە دەزانێ کام گوڵە پێویستی بە رووناکییە کام گوڵە پێویستی بەئاوە. شەش جۆرە گوڵ و گیای لە یەك کاتدا تێدا دەچێندرێ. بۆ گەشەکردنی گوڵ و گیا نە پێویستی بە خۆڵە و نە پێویستی بە مەوادی کیمیایی. لەو جۆرە ئینجانەیەدا گیاو گوڵەکان ٥ جار خێراتر لە شوێنی دیکەدا گەشە دەکەن.




# پلاکە سمارتەکان گۆڕانێکی نوێ لە کارەبادا

دەچی بۆ گەشتێکی دوور، لەناکاو بیرت دەکەوێتەوە کە تەلەڤزیۆنەکەت نەکوژاندۆتەوە، سپیلێتەکە دایسێت. یان بەفرگرەکە کوژاوەتەوە و پێویستە دابگیرسێت. بۆ ئەوەی هەمیشە ئاگاداری کەلوپەل و ئامرازە کارەباییەکانی ماڵەوەت بی، پێویستە پلاکی سمارتی WeMo بەکار بێنی. پلاکێك کە لەگەڵ سیستەمی دەنگی ئەلیکسا و گوگل و ئەپل هوم دەگونجێت.

ئەم پلاکە سیستەمی وای-فای هەیە. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەگونجێت. سیستەمی ڕێکخستنی ئۆتۆماتیکی تێدایە بۆ نموونە هەموو شەوانە کاتژمێرێکی دیاریکراو گلۆپەکان دەکوژێنێتەوە یا ئێوارانە خۆی گلۆپەکان هەڵدەکاتەوە.




# ئامێرێکی نوێ لە چێشت لێناندا

تەکنەلۆژیای نوێ هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، لە ژووری کارەوە تا دەگاتە ژووری نووستن و چێشتخانە بۆ هەر شوێنێك ئامێرێکی تایبەت هەیە.

ئامێری Nutrichef Sous Vide ئامێرێکی نوێیە لە چێشتخانەدا و لە راستیدا ئەزموونێکی نوێی چێشت لێنانە.

ئامێرەکە شوێنی تەباخ (چێشت لێنەر) دەگرێتەوە. پێویستی بە غاز نییە، لەراستیدا خواردنەکە بەهۆی زەخت و سووڕانی ئاوەوە لێدەنێی، ئەزموونێکی نوێ لە چێشت لێناندا.

پسپورانی بواری خۆراك دەڵێن، ئەم ئامێرە خواردنەکە بەشێوەی ئۆرگانیك ئامادەکا و دوورە لە گەرمی و ئاگر.. ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و دەکرێت هەر لەسەر مۆبایلەکەت کاتی ئامادەبوونی خواردنەکە بزانی، چونکە پلەکانی گەرمی لەسەر مۆبایلەکە نیشان دەدرێن و سات بەسات لە چۆنییەتی خواردنەکە ئاگادارت دەکەنەوە.

بۆ خواردنی گۆشت، سەوزی، مریشك و ماسی و هێلکە و...تاد دەگونجێت.



# سەرنجێک لەسەر مینی کوداکۆپتەری skydio2

لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا، کۆداکۆپتەرەکان ئامرازێکی نوێی دیجیتالین، کارئاسانییەك بۆ جیهانی فیلم هەڵگرتنەوە بە کۆداکۆپتەرەکان دەکرێت، پێشووتر بە زەینیش دا نەدەهات و دەبا بۆ وێنەگرتن لەسەر بەرزایی لە ئامێری دیکە سوودت وەرگرتبا.

کۆداکۆپتەرەکان بە قەبارە بچووکن، بەڵام فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانن کە لەدوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.

کۆمپانیای skydio نوێترین کۆداکۆپتەری خۆی بە ناوی skydio2 بەرهەم هێنا.

ئەم کۆداکۆپتەرە بەتەواوی بە دەوری دیمەنێکی جوڵاودا دەخولێتەوە و دوای دەکەوێ، بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لە دیمەنە جوڵەدار و وەرزشییەکان سوودی زۆری لێدەبینندرێ.

کۆداکۆپتەری ناوبراو هەرکاتێك بگاتە بەربەست و لەمپەرێك خۆی لێ دوور دەکاتەوە. بەهۆی کۆنترۆڵەوە دەکرێت لە چرکەیەکدا وێنە بگری. بۆ ئەوانە دەگونجێ کە هیچ لە کاری کۆداکۆپتەر نازانن..

شەش کامێرای لەسەرە کە بە کوالیتی k4 وێنە دەگرن، هەتا ٢٣ خولەك لە بەرزایی دەسوڕێتەوە و دەتوانێت هەتا سێ کیلۆمەتر و نیو دوور دەکەوێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، پێشووتر فەرمانی View Image لە گوگل دا هەبوو، کە دەمتوانی وێنەیەك بەر لە دابەزاندن ببینم، ئێستا نەماوە، ئەوە چۆن دەگەڕێتەوە.

خوێنەری بەڕێز نازانم چ وێبگەڕێك بەکار دێنی، گوگل کرۆم، یا فایر فۆکس، ئۆپێرا...تاد.. بەڵام بۆ گوگل کرۆم دەبێ لەو شوێنەی کە هێمای سێ خاڵی لەسەر یەکە، دابگری و بچی ئەو بەشە بدۆزیەوە extensions دوای ئەوە لە بۆکسەکەدا View Image بنووسە. دوای ئەوە زیادی بکە بۆ بەشی پرۆگرامۆکە زیادکراوەکان و ئەوکات کێشەکە چارەسەر دەبێت. ئەم ڕێگاچارەیە دەکرێت بۆ فایرفۆکسیش بەکاربێنی بەڵام بۆ ئەو دەبێت سەر لە ماڵپەڕی addons.mozilla.org بدەی، لە بەشی سێرچ دا view image بنووسی، بەدابەزاندنی ئەم پرۆگرامۆکە، کێشەکەت چارەسەر دەبێ.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ئەلبۆمی وێنە

پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بە دروستکردنی وێنە، ئەو وێنانەی کە لە شاییەکان یا لە بۆنە و یادە تایبەتییەکاندا دەیگیرین بۆ ئەوەی کە هەمیشە وەك ئەلبۆمێك بمێننەوە. پێویستە پرۆگرامێکی تایبەتی بەکار بێنن بۆ ئەوەی وێنەکان بکات بە دیجیتالی. پرۆگرامی Wedding Album Maker Gold یەکێکە لە سەرکەوتووترین پرۆگرامەکان.

ئەم پرۆگرامە سەدان ئێفێکێتی سەرنج ڕاکێشی تێدایە، بە دانانی وێنەکان لەلایەك ئەلبۆمێکی دیجیتالی دروست دەکرێت، دەتوانی ئەلبۆمەکە لەسەر DVD کۆپی بکەی. پرۆگرامەکە ئەوەندە ئاسانە تەنانەت ئەوانەی زۆر شارەزاییشیان لەم بوارەدا نییە دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

دەکرێ لەسەر ئەلبۆمەکە گۆرانی و مۆسیقاش دابندرێ.





# قەڵەمێکی سمارت دەقەکان دەکاتە دیجیتالی

قەڵەمی زیرەك، گەرچی هەتا ئێستا گشتگیر نەبووە، بەڵام بۆ کاروباری نووسین سوود و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ. گەر دەتەوێ دەقەکانت هەر لەسەر کاغەزەوە بکەی بە دیجیتالی، ڕەنگە قەڵەمی Neo Smartpen M1 زۆر گونجاو بێ.

پێنووسی ناوبراو کامێرایەکی لەسەرە کە دەستخەتەکان تۆمار دەکا و هەر ئەوکات دەیانکات بە دەقی دیجیتالی. قەڵەمەکە بە هۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و بەهۆی ئاپێکی تایبەتیەوە دەقەکان لە مۆبایلدا خەزن دەبن.

تەنانەت دەتوانی دەقەکان ڕاستەوخۆ بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرێ بکەی. خودی قەڵەمەکە نووکەکانی دەگۆڕدرێن و دەتوانرێ بە ویستی خۆت نووکی بۆ دابنێی.

لەگەڵ قەڵەمەکە دەفتەرچەیەکی بچووك هەیە (نوتی بوك) کە ١٥٠ لاپەڕەیە و لە لاپەڕەکاندا ئایکۆنی تایبەت بە تۆمارکردن و بەڕێکردن بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تێدایە.

قەڵەمەکە بۆ سیستەمی ئەندرۆید و iOS دەگونجێت.



## پێویستە جارێک سەردانی ئەو ماڵپەڕە بکەی

گەلێك ماڵپەڕ هەن، گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام سەرنج ڕاکێشن. یەکێك لەو ماڵپەڕانە http://you.reget-ه/tingold.com. ئەم ماڵپەڕە بەراستی سەرنج ڕاکێشە. کاتێك سەردانی ماڵپەڕەکە دەکەی پێویستە لەو بوکسەی کە داندراوە، ساڵرۆژی لەدایك بوونت بنووسی. دوای ئەوە شتی سەیر ڕوودەدا، بۆ نموونە دیاری دەکات هەتا ئێستا چەند ڕۆژ، مانگ و کاتژمێر و خولەك و چرکە ژیاوی. بۆت دەنووسێ چ ڕووداوگەلێکی گرنگ لە جیهاندا لە ساڵی لەدایکبوونت ڕوویداوە. دیاری دەکات لەگەڵ چ کەسایەتییەکی بەرچاوی جیهانی گەورەتر یا بچووکتری..




## کامێرا بۆ وێنەگرتنی خێرا

کۆمپانیای فوجی ژاپۆنی مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە لە بەرهەمهێنانی کامێرادا. بە گۆڕانی کامێرا لە دەستییەوە بۆ دیجیتالی و هەروەها گۆڕان لە چۆنییەتی چاپکردنی وێنەدا، فوجیش کامێرای دیجیتالی بە تایبەتمەندیی بەرزەوە بەرهەم هێنا.

یەکێك لە کامێرا بچووکانەی کە فوجی بەرهەمی هێناوە، کە هەم بچووکە و هەم دەستبەجێ وێنەکە دەخاتە سەر کاغەزێکی تایبەتی کامێرای جۆری SQ20. ئەم کامێرایە چوارگۆشەیە. پێویستی بە حیبر نییە، کاغەزەکانی تایبەتن. دەتوانرێ بەر لە چاپکردنی وێنەکەش فیلتەر و ئیفێکتی سەرنج ڕاکێشی بۆ دابنێی. کامێراکە ڤیدیۆش بە کوالیتی 800X و بە ١٥ فرێم لە چرکەیەکدا تۆمار بکا. شەحنی هەتا چاپکردنی سەد وێنە دانابەزێت.